# هەندێک خواردنمان بەدەستهێنا لە ڕۆژی -جەنگی- خەیبەردا، پیاوێک دەهات وئەوەندەی پێویستی بوو دەیبرد وپاشان دەڕۆیشت

لە موحەمەدی ئەبی موجالیدەوە -هەروەکو لە هەندێک گێڕانەوەدا هاتووە- دەڵێت: ووتم: ئایا خواردنی دەستکەوتووتان دەکرد بە پێنج بەشەوە لە سەردەمی پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم-؟ (عبد اللەی کوڕی ئەبی ئەوفا) ووتی: «هەندێک خواردنمان بەدەستهێنا لە ڕۆژی -جەنگی- خەیبەردا، پیاوێک دەهات وئەوەندەی پێویستی بوو دەیبرد وپاشان دەڕۆیشت».
[ئیسنادەکەی صەحیحە] [ئیبنوداود گێڕاویەتیەوە - ئەحمەد گێڕاویەتیەوە]

ئەم فەرموودە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی ئەگەر موجاهید پێویستی بوو لەو خواردنە بخوات کە کۆکراوەتەوە لە دەستکەوتەکانی جەنگ؛ ئەوا بۆی هەیە، بە بێ ئەوەی هیچی بۆ خۆی لێ هەڵگبرێت، بەڵکو بە پێی پێویست لێی دەخوات بە بێ زیادەڕۆیی وپاشان دەڕوات، بەڵام هەڵگرتنی وپاشەکەوت کردنی بۆ خۆی لە دزی کردنە -غلولە-، بەڵام خواردن لێی بە پێی پێویست بە دزی کردن لە دەستکەوتی جەنگ -غلول- دانانرێت، بەڵکو نەهی کراوە لە بردن لە دەستی جەنگ بە شێوەیەک تەنها بۆ خۆی بیبات وبرا موجاهیدەکانی بێ بەش بکات، بەڵام ئەگەر کەسانی تر بەشدار بن لەگەڵیدا لە خواردن ومیوەکان ئەوا هیچ شتێکی لەسەر نییە چونکە ڕێگەپێدراوە.

https://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/64622

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee